# لایەنی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار(١٨٤٨-١٨٩٦)

شوان رسول عبدالله[1] ، قادر محمد محمد[2]

[1+2] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لایەنی تەندروستی و سیستەمی پەروەردە لە سەردەمی دەوڵەتی قاجار و بەدیاریکراوی لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجارە، کە لە ماوەی ساڵانی(١٨٤٨بۆ١٨٩٦) دەسەڵاتداری قاجارییەکان بوە. لایەنی تەندروستی بەهۆی گوێنەدان بە ڕێکارە تەندروستییەکان و کەمی خزمەتگوزاری، هەروەها بە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعون و کولێرا، کەرتی تەندروستی لە ئاستێکی خراپ دابوە، بەو هۆیەوە خەڵکانێکی زۆر ژیانیان کەوتوتە بەر مەترسی و لە دواجار بۆتە هۆی لە ناوچونیان. ئەگەر هاتباو خزمەت و ڕۆڵ و لێهاتویی پزیشکانی بیانی نەبوایە، لایەنی تەندروستی کۆمەڵگەی قاجار بە ئاراستەیەکی خراپتردا دەڕوێشت. سەبارەت بە لایەنی پەروەردە و فێرکردنیشەوە، ئەوەی هەبوە کۆمەڵگەی ئێرانی سەردەمی قاجاری گرنگی پەروەردەیان برتیببوە لە پەروەردەی خێزانی لە سەر دابونەریت و لایەنی ئایینیەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە منداڵەکانیان ڕاهێناوەتە سەر لایەنی پەروەردەیی دینی و ڕەوشتی باب و باپیرانیان، لەگەڵ ئەو خزمەتە پەروەردەییەی کە لە حوجرە و مزگەوتەکاندا دەکرا بە فێرخوازان، تا ئەوەی لایەنی بیانی و هەندی لە دڵسۆزانی کەرتی پەروەردە هەستاون بە دابینکردنی کەرەستەی پەروەردەیی و باشترکردنی ئەم کەرتە بۆ خزمەتکردنی خوازیارانی بوارەکە، دواجار بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەیەکی باشتری پەروەردەیی پێوەدیار بوە.

**کلیلە وشەکان:**

قاجار، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper6

**Received:** 12-July-2021

**Accepted:** 26-July-2021

**Published:** 29-March-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

shwana.rasul@uor.edu.krd

Qadir.muhammed@uor.edu.krd

**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

هەرچەندە لە سەردەمی دەسەڵاتی ناسرەدین شادا زیاتر گرنگی بە ڕوداوی سیاسی و ژیانی شا و دەربار و کۆشکی پاشایەتی دراوە، کەمتر گرنگی بە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی دراوە، لەو نێوەندەشدا بواری تەندروستی و پەروەردەیی پشتگوێ خراون و کەمترین بواریان بۆ ڕەخساندوە، ئەوەشی کە هەیە و گرنگی پێدرابێت لەلایەن کەسانی خەمخۆری ناوخۆیی و هەروەها بیانییەکانە کە لە چوارچێوەی کار و پرۆژەکانیان هەستاون بە خزمەتکردنی هەردو کەرتی تەندروستی و پەروەردە، بەتایبەتی گەشتنامە بیانییەکان بە گرنگیەوە باسیان لەو دو بوارەدا کردوە.

لایەنی تەندروستی و پەروەردەیی لە ئێرانی سەردەمی قاجار، بەدیاریکراوی لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ناسرەدین شادا، کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە و خزمەتێکی وەهای بۆ نەکراوە، بەهۆی سەرقاڵ بونیان بە بواری سیاسی و خۆشگوزەرانی تایبەتی بنەماڵەیی...، کە وایکردوە خەڵکی بە گشتی پشتگوێ بخرێن و کەمترین خزمەتگوزارییان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی هاوشانی دەسەڵاتدارانی وڵات لە کەشێکی ئارامتر و تەندروستردا بژین.

لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا دیدێکی بەرفراوانتریان هەبێت، بۆ ئەوەی لە داهاتودا بتوانن بیخەنە بواری خزمەتکردنەوە. بۆیە بە گشتی دەبینین، کە هەردو کەرتەکە ئەگەر هاتباو کەسانی دڵسوز لە ناوخۆیی وڵات و هەروەها ئەو بیانیانەی کە چ وەک پزیشک لە ئێران کاریان کردوە، یا خۆد ئەو مژدەدەرە ئایینیانەی کە سەردانی ئێرانیان کردوە، لە نزیکەوە ڕەوشی کەرتی تەندروستی و پەروەردەیان بینیوە، بۆیە تاڕادەیەکی باش توانیویانە خزمەت بکەن و ببنە فریادڕەسی خەڵکی ڕەش و ڕوت و بی خزمەتگوزار لە شوێنە جیاجیاکانی دەسەڵاتی قاجاریدا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

باسکردنە لە هەردو کەرتی تەندروستی و پەروەردە، لە کۆمەڵگەی سەردەمی قاجاری ناسرەدین شادا، دەست خستنە سەر کەموکوڕییەکانی لایەنی تەندروستی و پەروەردەیی و دەرخستنی ڕاستییەکانە لە هەردو بوارەکەدا، ئاستەنگەکانی بەردەمیان و لەگەڵ ئاماژەدان بە چارەسەرییەکانی هەردو بوارەکە لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی بۆیی دراوە. هەروەها خوێندنەوەیەکیشە سەبارەت بە زانینی کەموکوری و ئاستی باشی و خراپی بواری تەندروستی و پەروەردە لە کۆمەڵگەی قاجاری و ئەو خزمەتەی لەو بوارەدا کراوە لە لایەن کەسانی بیانی و ناخۆیی بۆ کەمڕەنگ کردنی بەربەستەکانی بەردەم هەردو بوارەکە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە تیشکخستنە سەر لایەنی تەندروستی و پەروەردەیە، بە ئامانجی خوێندنەوەیەکی ورد و زانستیانەیە لە هەردو بوارەکەدا. هەروەها خستنە ڕوی چارەسەری و دەستنیشان کردنی کەموکوڕییەکان و لێکدانەوە و شیکردنەوەیانە.

## پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:

ئایا بارودۆخی تەندروستی و پەروەردە لە چ ئاستێکدا بوە؟ هۆکارەکانی خراپی لایەنی تەندروستی چیبون؟ رۆڵ و کاریگەری پزیشکان لە بواری تەندروستیدا چۆن بوە؟ پەروەردە و فێرکردن لە چ ئاستیکدا بوە؟ ڕۆڵ و کاریگەری خەمخۆرانی پەروەردەیی چۆن بوە؟ ئاستی تیگەیشتنی خەڵکی لە بواری تەندروستی و پەروەردەیی چۆن بوە؟ ئەگەر هەبو بە چ شێوەیەک بوە؟ لە ڕوی کار و چالاکی، هەردو کەرتەکە بە چ شێوەیەک بونە؟ سەفەرنامە بیانییەکان چۆن باسی هەردو کەرتی تەندروستی و پەروەردەیان کردوە و چۆن ڕوانیویانە هەردو بوارەکە؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆیە لەم توێژنەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژویی و شیکاری بەستراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی شرۆڤەی لایەنەکانی بواری تەندروستی و پەروەردە لە ئاستی کۆمەڵگەی قاجاری سەردەمی ناسرەدین شادا بکەین.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دو بوار پێکهاتوە، بواری تەندروستی و پەروەردەیی سەردەمی ناسرەدین شای قاجار، کە بابەتی یەکەمیان باس لە لایەنی تەندروستی و کەموکوری و چارەسەرییەکانی ئەو بوارە دەکات. هەرچی بابەتی دوەمە، بریتییە لە بواری پەروەردەیی، کە دابەشبوەتە سەر دو لق، یەکەمیان پەروەردەی خێزانی و دوەمیان بریتییە لە پەروەردە و فێرکردن لە کۆمەڵگەی قاجاریدا.

## لایەنی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار(١٨٤٨-١٨٩٦)

### أ: لایەنی تەندروستی

دۆخی تەندروستی، نەخۆشییەکان و بارودۆخی داودەرمان یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی لیکۆڵینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتییە، هەروەها یەکێک لە شتە بنەرەتییەکان لە لێکۆڵینەوەی لایەنی تەندروستی هەر کۆمەڵگەیەک، تەندروستی گشتییە. سەرهەڵدانی نەخۆشی و چارەسەرییەکان، هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشییەکان، بە تایبەت تا پێش دروستبوونی خوێندنگەی دارولفنون لە سەردەمی ناسرەدین شا، دۆخی تەندروستی جێگەی پرسیار بوە، تا ئەوەی کەسانی خیرخواز و پزیشکانی بیانی بە فیریای کەرتی تەندروستی کەوتن، بۆیە لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی تیشک دەخەینە سەر ڕەوشی تەندروستی لەو سەردمەدا.

ناوەندە تەمەنی ئێرانییەکان لە سەدەی نۆزدەدا، بەراورد بە ئەمڕۆ، کە ڕەوشی تەندروستی بەرەوپێش چووە، زۆر کەم بوە، لە کاتێکدا خەڵکی ئەمڕۆ وا وێنا دەکەن، کە خەڵکی پێشتر ژیانێکی ئاسودەتر و تەمەنی زیاتریان هەبوە. ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەمەیە، چونکە تەمەنی دەسەڵاتدارانی قاجار هەرگیز نەگەیشتوتە (٧٠) ساڵ، بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە تەمەنیان لە نیوان(٣٣بۆ٦٨)ساڵ بوە، کە کۆچیان کردوە، بە نمونە ناسرەدین شا، لە تەمەنی(٦٨) ساڵی مردوە، کە لە ڕاستیدا کوژراوە، ئەگەر نەکوژرا بوایەش، بە هۆی توشبونی بە جۆرەها نەخۆشی وەک نەخۆشی گەدە، خوێنبەربون و سەرئیشە...، زۆر خواردن و خواردنەوە و رابوارند، زۆر نەدەژیا، ئەمە ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە ئەگەر پاشاکانی وڵات کە لە ڕوانگەی مەرجە تەندروستییەکان و خۆراکی باش تەمەنیان بەم شێوەیە بوبێت، ئەی دەبێت خەڵکی ئاسایی و ڕەش و ڕوت چۆن ژیابێت!.(تفضلی، معتضد: ١٣٧٧، ص ١٦٥– ١٦٦).

زۆربەی سەرچاوەکان هاوڕای ئەو ڕاستییەن، کە مەرجەکانی تەندروستی قاجارییەکان، بە هۆکاری نا تەندروستی، چ لە شوێنی کار یا لە ماڵەوە ناپەسندبوە، بەگشتی خواردنەوەی ئاوی ناتەندروست، هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییەکان بوە، نە پێداویستی تەندروستی گشتی هەبوە و نە گرنگیش بەو بوارە دراوە، لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانە دەبینن بەدرێژایی ئەو ماوەیە کۆمەڵێک نەخۆشی وەکو(تاعون، کولێرا...)، بڵاوبونەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە خەڵکی کەمترین زانیاری تەندروستییان هەبوە، بەڵکو ڕێنمایش نەدەکران لەلایەن سیستەمی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە! (نبی پور: ١٣٩١، ص٩٩).

لەو کاتەی نەخۆشی بەربڵاوهەبوە لە نێوان ئێرانییەکان، دکتۆر ویلز، دەڵێت: "بەبۆچونی من هۆکاری ئەم نەخۆشیانە بەکارهێنانی ئاوی ئەو چاڵانەیە، کە سەر کراوەن و میکروبیان تێدایە، زۆربەی ئێرانییەکان گرنگیان بە ئاوی خواردنەوە نەدەدا، جگە لە هەندێکیان نەبێت، کە ئاوی خواردنەوەیان لە کەسانێک دەکڕی بە ناوی (سەقا) واتە ئاوگێڕ..." (ویلز: ١٣٦٨، ص ١٩٥)، هەروەها باس لەوەش دەکات "کە زۆربەی ماڵەکان ئاوەڕۆ و پیسایان هەر لە بەردەمی ماڵ و چواردەوری ماڵەوەیان بوە، نێوانی چاڵی ئاوەڕۆ و چاڵی ئاو خواردنەوە کەمە، کە ئەمەش دواجار تێکەڵ بەیەکتری دەبون و دەبوە هۆی سەرچاوەی نەخۆشی" (ویلز: ١٣٦٨، ص ١٩٦).

هەر لەو بارەوە گەڕیدە (ڕابرت گرانت واتسن)ی بەریتانی کە لەو سەردەمەدا هاتوەتە ئێران، نوسیویەتی: "منداڵانی ئێرانی لە تەمەنی منداڵیدا، لە ژیانێکی سەخت و ناخۆشدان و کەسی لاوازن و زو دەمرن، هەرچەندە ئەمەش شتێکی سروشتییە، وەک ئەوەی نمونەی ساردی کەش و هەوای باکور دێنێتەوە لە زستاندا کە چۆن کاریگەری لەسەر منداڵانی بێبەرگ کردوە و بۆتە هۆکاری مردنیان، بە پێچەوانەشەوە هەیە، ئەم سەختی ژیانە هەر لە سەرەتاوە وایکردوە، کە گەورە بێت لە تەندروستییێکی باشتر بژێت" (واتسن: ١٣٥٦،ص ١١).

بەنمونەی منداڵانی کورد، لەو بارەیەوە (کارلو کیار)ی ڕۆژهەڵاتناسی بەلجیکی، کە سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردوە، دەڵێت: "منداڵانی کورد بەسادەیی پەروەردە دەکرێن و هەر لە لەدایکبونەوە تا دو ساڵی یەک جۆر کراس دەپۆشن...، دەکەونە بەر ئاو و هەوای جیاوازەوە، بە ئاوی سارد حەمام دەکەن، بۆیە بەرگەی گۆڕانکاری کەش و هەوا دەگرن و هەمیشە یەک جۆر جل لەبەردەکەن...، لە ڕاستییدا منداڵانی کورد، هیچ کاتێک توشی ئاوسان و لیک، بڵغەم... نابن. ژنانی کوردیش، لە کاتی منداڵبون هاوکاری یەکترن، نەمبینیوە لە کاتی منداڵبوندا، دایکێک مردبێت، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان ڕوحیەتێکی بەرز باشترین پەرستارە" (برجسته، و همکاران: ١٣٩٣، ص ١٣٤). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک ناوچەی تری کوردنشین هەبوە، کە نەخۆشی بەربڵاویان لە نێواندا هەبوە بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەتا گەڕیدە بیشوپ، لە سەفەرنامەکەیدا باسی نەخۆشییەکان دەکات لە نێوان بەختیارییەکاندا، دەڵێت:"نەخۆشی چاو، ئاوی ڕەش، روماتیزم و سەرئێشە...، لە نێوان بەختیاریەکاندا هەیە، بە هۆی پارێزگاری نەکردن لە خۆیان و نەبونی ئامرازی تەندروستی لە هۆکاری بەربڵاوی نەخۆشییەکان بوە..."(بیشوپ: ١٣٧٥،ص١٩٦). گەریدە ویلزیش باس لەوە دەکات"لە شیراز نەخۆشی وەک (تا، سکچون و ڕشانەوە و گرانەتا...) هەیە، بە هۆی خواردن و خواردنەوەی پیس، لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشی قورگ ئێشە و پێست، کە زۆر باوبوە، کە ئەمەش سەرچاوەکەی زیاتر هەوای گەرم و ئاوی پیسە، بەڵام نەخۆشی چاوئێشە زۆر باوبوە". (ویلز: ١٣٦٨ ص ٢٦٧).

لەماوەی دەسەڵاتی ناسرەدین شادا، نەخۆشی تاعون بڵاوبۆوە، هەرچەندە ئەم نەخۆشییە پێشتر لە ساڵی١٨٢١زدا، هاتوتە ئێران، بەدیاریکراویش لە ١٨١٧زدا، بەگشتی لە جیهان بڵاوبوەتەوە. (میرزا قاجار:٢٠٢٠، ص٢٠). لەو بارەیەوە دکتۆر فوریە،"گەواهی ئەوە دەدا، کە ئەو کارەساتەی نەخۆشی تاعون دای، زیاتر بەرۆکی هەژارانی گرتوە، کە بەهۆی هەژارییەوە، هیچ ئامرازێکی هەڵاتنیان نەبوە" (فوریە: ١٣٩٠،ص ٣٩٨). ئەم نەخۆشییە جگە لە تاران، هەرێمەکانی تریشی وەک قوم گرتەوە، هەروەها ئەم نەخۆشییە لە (١٢٨٧هـ.ق/١٨٧١ز)، جارێکیتر کارەساتی گەورەی نایەوە(میرزا قاجار: ٢٠٢٠، ص٢٥-٢٩). هەروەها نەخۆشی کولێرای ساڵانی(١٨٥١ تا ١٨٦١ز)، کە لە شارەکانی ئێران ڕویدا، نزیکەی ٢،٤٨٧ کەس مردن، هەرچەندە دوای ئەم نەخۆشییە بەربڵاوە، لەئەنجامی کەرەنتینەی نێودەوڵەتی و هەوڵەکانی ڕێکخراوی تەندروستی ساڵی ١٨٦٨ز، و لەگەڵ یارمەتی نوێنەرانی بەریتانیا و ڕوسیا و فەرەنسا تاڕادەیەکی زۆر نەخۆشییەکە کونتڕۆڵکرا، بەڵام ئەم نەخۆشییە بۆ ماوەیەک هەر بەردەوام بو، بەتایبەتی لە ١٨٩٢ز، جارێکی تر نەخۆشی کولێرا لە ڕێگەی ڕوسیا هاتە ناو ئێرانەوە و نزیکەی ١٠،٠٠٠هەزار کەسی ڕاپێچی مەرگکرد،

لە شاری گەیلان و سەدان کەسیش لە خوراسان و تاران(عیسوی: ١٣٦٢، ص ٣٠-٣١). ئەم نەخۆشییە لە ساڵی ١٨٦٩ز، جارێکی تر لە تەورێز بڵاوبۆوە، کە نزیکەی تەواوی ئێرانی گرتەوە، ڕۆژانە لە تاران پەنجا کەس دەمردن، لە هەمان ساڵدا ڕێژەکە (٥٠٠٠) هەزار کەسی تێپەراند، لە ساڵی ١٨٨٦ز، جارێکی تر بڵاوبوەوە، بەپێی گێڕانەوەیەک لە ٩٠٪ خەڵکی توشبون(فلور: ١٣٨٧، ص١٦-٢٠).

هەمو ئەو نەخۆشییانەی کە بەرۆکی خەڵکی گرتوە، جگە لە پابەندنەبون بە ڕێکارە تەندروستییەکان، هەژاری و ناهۆشیاری خەڵکیش لەو بوارەدا هۆکاری ترن، لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا خودی حکومەت و لایەنی پەیوەندیداریش بەو بابەتە کەمتەرخەم بونە. ئەوەتا لە سەرەتای دەسەڵاتی قاجاریدا، لایەنی پزیشکی هەر لەسەر هەمان شێوازی کۆن بوە، کە سەدان ساڵە سودی لێبینراوە، فێربون لە ژێر چاودێری پزیشکی خۆماڵی بەبێ چاودێری حکومەت و ستانداردی پزیشکی بەڕێوەچوە، کە هەر ئەمەش وای کردوە ژنان و منداڵانی زۆرتر بەهۆی نەخۆشە بەربڵاوەکانی ئەوکات توشی مردن ببنەوە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی خوێندنگەی دارولفنون (خوێندنگەی دارالفنون، لە نیوەی دوەمی سەدەی نوزدەدا (١٨٥١ز)، بەهیمەتی ئەمیر کەبیری سەرۆک وەزیران (١٨٠٧-١٨٥٢ز)، لە تاران دروستکراوە، کە پێگەیەکی گرنگی لە گۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لە ئێراندا هەبوە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قیومی بیدهندی، موسوی: ١٣٩٧، ص١٠٠)، لایەنی پزیشکی نوێ هاتەئاراوە، لە نێوان چارەسەری پزیشکی کۆن و نوێدا(برجسته، و همکاران: ١٣٩٣، ص ١٥-١٦). هەرچەندە لەسەرەتادا لە ڕێگەی گیا دەرمانی چارەسەری نەخۆشەکان دەکرا، بە هۆی نەبونی دەرمانی نوێی پزیشکی، پزیشکەکان زیاتر دەرمانی گیایی وەک گوڵی زمانی مانگا، گوڵی وەنەوشە و گوڵی بەیبون...، بەکاردەهێنا بۆ نەخۆشەکان وەک چارەسەری کە ئەم گیا دەرمانیانە لە ڕێگەی دەرمانفرۆش و عەتارەکانەوە دەهێندرانە بازاڕ(برجسته، و همکاران: ١٣٩٣، ص ٥٣.)

دواتر چارەسەرییە پزیشکییەکان فراوانتربون، ئەوەتە لەگەڵ وەرگرتنی زانیاری لە پزیشکە بیانییەکان، دەبینن پزیشکی ئیسلامیش ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە خزمەتکردن بە نەخۆشەکان و چارەسەرکردنیان بەتایبەت بۆ چینی هەژار(نبی پور: ١٣٩١، ص١٠٠). جگەلەوەی لە هەندێ ناوچەش پزیشکی خۆماڵی ڕۆڵی هەبوە لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، بەنمونەی ژنانی بەختیاری، کە کارامایی باشیان هەبوە لە دەرهێنانی گوللە لە جەستەی مرۆڤێکی برینداردا، هەروەها بۆ دەرمانکردنی برین سودیان لە مەعجونی مازو دەبینی، هەندێ جار قورئانیان بە سەر ئاودا دەخوێندن و دواتر وەک شیفا دەخستە ناو قورگی کەسی نەخوشەوە(بیشوپ، ١٣٧٥، ص ١٩٥-٩٦)

هەر لەو چوارچێوەیەدا بۆچارەسەری نەخۆشەکان، لە ساڵی١٨٥٠ز، لەژێر چاودێری و فەرمانی سەرۆک وەزیران ئەمیرکەبیردا، نەخۆشخانەیەکی حوکمی دەستی بەکارکرد، ئەم نەخۆشخانەیە لە دەرەوەی شاری تاران دروستکرا، هەروەها لە ساڵی ١٨٥٢ز، فراوانترکرا، کە دەرمانخانەی تایبەتی هەبوە، ئەم نەخۆشخانەیە توانایی هەڵگرتنی چوارسەد نەخۆشی هەبوە، بەڕێوەبەرەکەی کەسێک بو بە ناوی میرزا محمد وەلی حەکیم باشی و دکتور کازولانی پزیشکی باڵای سوپا، نەخۆشەکان سەردانیان دەکردن و بە سەلامەتی بەڕێدەکران(فلور:١٣٩٣، ص١٩-٢٠).

هەروەها لەساڵی ١٨٥٧ز، ناسرەدین شا، فەرمانی دەرکرد بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تر کە لەژێر چاودێری و چالاکییەکانی دکتۆر پولاکی نەمساویدا دروستکرا، هەروەها لە ساڵی ١٨٦٨ز، نەخۆشخانەیەکی نوێ بۆ سوپا دروست کرا و نەخۆشخانە کۆنەکان تایبەتکران بۆ خەڵکی بەگشتی، ئەمە جگەلەوە لە (١٨٧٤ز)یشدا نەخۆشخانەیەکی تریش دروست کرا بۆ هەمان مەبەست(فلور: ١٣٩٣، ص٢١- ٢٣-٢٥)، کە دکتۆرە بیانییەکان کاریان تیدادەکرد، وەک پولاکی نەمساوی کە پزیشکی تایبەتی ناسرەدین شا و یەکەم مامۆستای پزیشکی بو لە خوێندنگەی داروالفنون، دکتۆر شلیمری هولّندیش، لە ساڵی ١٨٥١ز، لە ئێران خزمەتیکردوە، دوای دکتۆر پولاک، دەستیکردوە بە وتنەوەی وانەی پزیشکی لە خویندنگەی داروالفنون، دواتر دکتۆر ژوزف تولوزانی فەرەنساوی لە ١٨٦٤ز، جێگەی دکتۆر پولاکی گرتەوە، بەگشتی ئەمانە جگەلە وانەوتنەوە، پزیشکی تایبەتی ناسرەدین شا بونە، هەروەها هەندێ پزیشکی ئێرانیش خزمەتی بواری پزیشکیان کردوە، دوای وەرگرتنی شەهادەی پزیشکی لە وڵاتانی ئەوروپی، لەوانە، میرزا ڕەزا، حاج میرزا ئەبولقاسم سوڵتان ئەلحوکەما، میرزا عەلی و میرزا ئەبو حەسەنی تەبیب(برجسته، و همکاران: ١٣٩٣، ص ٦٤-٦٥-٦٦). هەر لە بواری دەرمان و خزمەتی پزیشکی لەو ماوەیەدا، جگە لەم دکتۆرانە، هەندێ دکتۆری تری فەرەنسی وەک (شنیدەر، فوریە و رائولر)، هەوڵی زۆریاندا لە بنیاتنانی ناوەندە دەرمانییەکان، بەتایبەتی ڕۆڵیان هەبو لە بەرەپێشەوچونی ئاستی تەندروستی گشتی خەڵکی ئێران(وافری: ١٣٨٥، ص١٣٨).

هەرچەندە لە سەردەمی ناسرەدین شا، بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٢٨٤هـ .ق/١٨٦٨ز)، ئەنجومەنی پارێزگاری تەندروستی بۆ بەرنگاربونەوەی نەخۆشییەکان دامەزرا و هەندی دەستکەوتیشی هەبو، بەڵام پەلەکردنی ئێرانییەکان بۆ ژیانێکی تەندروست و کەمتر خەمی حکومەت لەو بوارەدا ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوە(میرزا قاجار: ٢٠٢٠ ، ص٩). سەرەڕای چالاکی پزیشکانی بەریتانی و هەندێ لە پزیشکانی تری بیانیش لە تاران، دەبینین دەوڵەتی ئێران لە هەمان ساڵدا گرنگی بەتەندروستی گشتی نەداوە، سەرەڕای ئەوەی لەو ساڵەدا ئەنجومەنێکی تەندروستیش دروستکراوە، کە پزیشکانی (بەریتانی و روسی و فەرەنسی) خزمەتیان کردوە(رایت:١٣٥٧،ص١٢٢). لەگەڵ ئەوەی خزمەتی زیاتریش لە بواری پزیشکی پێشکەشکراوە بە کۆمەڵگەی قاجاری، ساڵی دواتر ١٨٦٩ز، دەوڵەتی قاجار بە هاوکاری ئەڵمانەکان یەکەم نەخۆشخانەی خۆیان لە تاران بنیاتناوە(رایت: ١٣٥٧،ص١٢٢).

لەگەڵ ئەو خزمەتە بەرچاوەی کە کراوە لەلایەن بیانییەکانەوە، بەڵام دکتۆر ویلز، کە زیاتر لە ناوچەکانی ئەسفەهان و شیراز خزمەتیکردوە، سەبارەت بەلایەنی تەندروستی باس لەوە دەکات و دەڵێت: "کە خەڵکانێکی زۆر لە نەخۆش سەردانیان دەکرد، بەمەبەستی چارەسەری و بەتایبەتی کە دەرمانەکان بە خۆڕایی بون، بەڵام دوای دەرکەوت، کە پێدانی دەرمان بە خۆڕایی ئیستغلالی دوخەکەی پێدەکرێ، چونکە خەڵکانێک بەناو نەخۆشییەوە دەرمان وەردەگرن، بەڵام لە دەرەوە دەیفرۆشنەوە!" (ویلز: ١٣٦٨، ص١١٠). بەڵام بەگشتی لەو سەردەمەدا لایەنی پزیشکی لە بارودۆخێکی خراپدا بوە، بە هۆی بارودۆخی نالەباری تەندروستی و بڵاوبونەوەی نەخۆشییە بەربڵاوەکان، هەروەها نەشارەزابون لە بواری پزیشکی تازە، دەست تێوەردانی خەڵکانی غەیرە ئایینی لەو بوارەدا،

نەبونی پزیشکی کارامە و شارەزا و نەبونی پێداویستی پزیشکی، نەبونی پێداویستی پزیشکی، ئەگەر هاتباو پزیشکی بیانی نەبوایە دوخەکە خراپتر دەبو(Golshani: 2018, P491).

## ب: لایەنی پەروەردە و فێکردن

پەروەردە بە گشتی ئامرازێکە کە زانیاری کارامەیی، تەکنیک، زانیاری بۆ خەڵک دابین دەکات، بۆ ئەوەی تاک ئەرک و مافی بەرانبەر بە خێزان و کۆمەڵگە بزانێت، پەروەردە هۆکارێکە بۆگەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو و هەوڵدان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕێیەوە توانا و بەهرەکانی خۆت بدۆزیەوە، بەهێزەوە مامەڵە بکەیت و شەڕی مانەوە لە ژیاندا بکەیت و زاڵ بێت بە سەر ئاستەنگەکانی ژیانتدا، هەر بۆیە پەروەردە و فێرکردن ئەرکە، بۆ ئەم مەبەستە ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن لە کۆمەڵگەی قاجاری دابەشبوبو بە سەر پەروەردەی خێزانی و پەروەردە و فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی.

### ١- پەروەردەی خێزانی:

بێگومان پەروەردە و فێرکردن لە کۆمەڵگە مرۆیەکاندا بە یەکێک لە بنەڕەتترین چالاکییەکان دەژمێردرێت، بەردەوامبونی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بە گواستنەوەی میراتی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ نەوەکانی دواتر بەستراوەتەوە. واتاکانی پەروەردە بەقەد کۆمەڵگاکان فراوانن، ئەندامانی هەرکۆمەڵگەیەک بەپێی دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە پەروەردە دەکرێن، تا بتوانن بەپێی ئەو دابونەریتە ڕەفتار بکەن(عومەر، ٢٠١٥، ل ٧).

پەروەردەی کۆمەڵگەی قاجاریش، لەسەر بنەمای ناساندنی منداڵانە بە بنەما دینییەکان و جێبەجێکردنی ڕێکارە مەزهەبییەکان، ئەنجامدانی پەرستن و پاراستنی داوێن پاکی و دورکەوتنەوە لە کاری خراپەی وەک شەڕاب و قومارکردن و زینا، بە گشتی ئامانجی پەروەردی خێزانی پاراستنی منداڵان و گەنجەکانە بوە لە داڕمانی ڕەوشتی. هەر بۆ ئەمەش دایکان و باوکان، کاتێک کوڕەکەیان دەگەیشتە تەمەنی یاسایی، توشی هاوسەرگیرییان دەکردن و کچانیش لە تەمەنی نۆ ساڵی بەرەو سەرو دەدران بەشو(شمیم: ١٣٨٤، ص ٣٧٠). تاکی ئێرانی پەیوەندی و لایەنی سۆزداری توندی بە منداڵانی خۆی هەبوە، لە بەرامبەریشدا منداڵان ڕێزی تایبەتی دایک و باوکیان دەگرت، تا ئەوەی کە کوڕی ماڵەوە هەڵگری سیفەتی بۆ ماوەی پیاوەتی و مەردایەتی باوکی دەکاتەوە(ویلز: ١٣٦٨، ص ٣٥٤). هەر ئەمەش وایکردبو، کە وەک ڕێز منداڵی کوڕ ڕێزی زیاتریان هەبێت(کاظمی:١٣٨٨ ، ص٨٦ ). لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردەی خێزانی ئێرانی وایە، منداڵەکان وا پەروەردەدەکەن کە لە کوچە و کۆڵانەکانیشدا بێڕێزنەبن، بەرامبەر بەکەس لەگەڵ ئەوەی لە کۆڕوکۆبونەوەکانیشدا، بە بێدەنگی و بەوپەڕی ڕێزەوە دادەنیشتن(ویلسن: ١٣٦٣، ص٢٣٣).

هەر لەو چوارچێوەدا سی.ج. ویڵسین، کە لە سەردەمی ناسرەدین شادا هاتوەتە ئێران، لە کتێبەکەی خۆی (ئینسکلوپیدیای بەریتانیا)دا باسی لە ئێرانییەکان کردوە: "ئەخلاقی ئێرانییەکان بەم شێوەیە کە دەیهەوێت هەمو شت

بەدڵی ئەو بێت، میواندۆستن و خزمەتکارن، بەتایبەت بۆ میوانی دەرەکی...، لەگەڵ منداڵەکانیان میهرەبانن، کوڕ ڕیزی دایک و باوکی لایە، زۆر بەکەمی لە بەرامبەر باوکیدا دادەنیشێت، باوک بە ئەرباب یان ئاغا بانگ دەکرێ، دایک هەمیشە گرنگترین ئەندامی ماڵەوەیە...، هەروەها ئەندامانی تری خێزان وەک دایە گەورە و بابەگەورە و مام...، جێگەی ڕێزن. ئێرانییەکان بەرانبەر بەخزمەتکارەکانیان دڵسۆزن..." (تقی نصر: ١٣٦٣، ص ٤٤٢). بۆیە ڕێزگرتن لە گەورەکان سونەتێکی ئێرانییەکانە و بگرە ئەرکیشە، ڕیش سپی و پیاوماقوڵان جێگەی ڕێزن و پرسیان پێدەکرێ لە بابەتە گشتییەکان بەتایبەتی لایەنی کۆمەڵایەتی(ویلز: ١٣٦٨ ، ص٣٥٤).

هەروەها گەریدە ژوبر(١٧٧٩/١٨٤٧ز)، لە بەشی سی وسێهەمینی سەفەرنامەکەیەدا دەنوسێت:" تیبینی لە بارەی خووعاداتی ڕۆژهەلاتییەکان بەشێوەیەکە، کە ڕێزیک کە ژنان بۆ هاوسەرەکانیان و منداڵاکان بۆ خزم و کەسیان هەیە، تایبەتمەندی ئەو پەیوەندیەی کە لە شێوەی پەیوەندی هاوسەرداری لە نێوان کوردەکان و ئێرانییەکان بەدیاردەکەوێت، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بریتییە لەو حەز و ئارەزوەی کە هەڵقولاوی دینەکەیانە" (ژوبر: ١٣٢٢، ص ١٥٥). لە ئێران بەباشی ڕەفتاردەکەن لەگەڵ کەنیزە و خزمەتکارەکانیان، واتە هەر خانەوادەیەکی ئێرانی ڕێزی کەنیزە و خزمەتکارەکەی دەگرێت و ڕێژەی کەنیزە و خزمەتکاران پەیوەستە بە ئاستی خێزانییەوە(حجازی: ١٣٨٨، ص ٢٥٥). سەرەڕای ئەو ئاکارە باشەی کە ئێرانییەکان هەیانە لە لایەنی پەروەردەیی، بەڵام بەشێکی زۆرشیان ڕویان داوەتە درۆکردن و ئەخلاق و ڕەفتاری باب و پایرانیان وەلاناوە، ئەوەتا پەندێک هەیە، کە دەڵێت: "دەزانم کە درۆ دەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا حەزم لێیەتی!" (انصاف پور: ١٣٦٣، ص ٣٥).

## ٢- پەروەردە و فێرکردن:

پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی قاجاردا بابەتێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەری،چونکە کۆمەڵگەی ئێران لە سەردەمی قاجاردا، لە بواری خوێندەواری دواکەوتو بوە، زۆربەی خەڵکی نەخوێندەوار بونە، ئەوەشی هەبوە خوێندنی ئایینی و سەرەتایی بوە، بە شێوەیەکی گشتیش پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵ و کاریگەری لایەنی ئایینی بەسەرەوە بوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە تیشک دەخەینە سەری.

دانیشتوانی سەردەمی قاجار، بەشێوەیەک پەروەردەی خێزانی دەکران، کە هەمان شێوازی پەروەردەکردنە ڕەنگدانەوەی هەبو لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابخانەدا. بەڕای گەریدە تانکوانی، "لایەنی پەروەردە و فێرکردن بەگشتی لە دەست مەلاکان و پیاوانی ئایینیدا بوە، قوتابخانەکانیش لە نزیک مزگەوتەکان بون. منداڵان لەو قوتابخانانەدا فێری خوێندن و نوسین و ئاشنایەتی شاعیران بەناوبانگ دەبون، ڕێژەی ئەو ناوەندانە زۆرنین...، زانست و زانیاری بەراورد بە دو سەدە لەوەوپێش زۆر کەمبوە، بەتایبەت بابەتی شیعر و پەخشان، ئەگەرچی هەواداری زۆری هەیە، بەڵام ڕوی لە کەمی کردوە و خۆشنوسیش بەهەمان شێوەی جاران نییە..." (تانکوانی: ١٣٨٣، ص ٢٢٤).

لەزۆربەی شارەکان و دیهاتەکان قوتابخانە هەیە، کە لەلایەن مەلاکان بەڕێوەدەبردرێن، کە تێیدا فێرخوازان فێری ئەلف وبێ فارسی و ژمێریاری و قورئان خوێندن دەکرێن، وشەی عەرەبی فێردەبن بیئەوەی تێبگەن، لە قوتابخانەی سەرەتایی زیاتر فێرکردنی قورئان و لەبەرکردن ئامانجی فێرخوازانە، خوێندنی ناوەندیش، کە پێی دەوترێ مەدرەسە، وەک کولێژێکی مەزهەبی وابو، کە زیاتر فێرخوازان خەریکی سێ بابەتی دیاریکرابون، وەک زانست و فیقه و پزیشکی. بەڵام بەگشتی بابەتەکان پەیوەندیدار بون بەلایەنی ئایینییەوە(کرزن: ج١،١٣٤٧، ص٦٣٧). ڕێژەی بەشداریکردنی فێرخوازانیش هەرچەندە لە شوێن بۆ شوێن جیاوازبوە، بەڵام لە (٢٠ بۆ٥٠) فێرخواز لە ژێر چاودێری یەک یان دو مامۆستادا بون و فێرخوازانیش لە سەر ئەژنو دادەنیشتن و بەدەنگی بەرز لە دوای مامۆستا وانەکە دەوتراوە(اشرافی:١٣٧٨ ، ص ٤٤٦).

وەک لایەنی تەمەنیش بۆ چونە مەکتەب، کوڕەکان تەمەن ڕێگرنەبوە لە چونیان بۆ مەکتەب، بەڵام کچان تا تەمەنی ٧ساڵی نەدەچونە مەکتەب، کە شێوازی فێرکردنیان لە ژێر چاودێری مامۆستایەکی ئافرەتدا دابوە(واتسن: ١٣٥٦، ص٢٠-٢١). بەڵام کەمتر وابوە کچان لە قوتابخانەی گشتی وانەبخوێنن، چونکە لە تەمەنی ٨ ساڵی بەدواوە لە کەسی نامەحرەم دەپارێزران و لە ٩ ساڵی بە حیجابەوە دەیاننناردنە قوتابخانە، دواتر لە تەمەنی نۆ ساڵی بەرەو سەرو بە شویان دەدان و وازیان لە خوێندن دەهێنا(پولاک: ١٣٦٦، ص ١٤٢). بەڵام فێرکردنی منداڵانی چینی سەرو لەماڵەوە بوە، بە ڕاوێژ لەگەڵ کەس و کاریان مامۆستای تایبەتیان هەبوە(واتسن: ١٣٥٦، ص٢٠-٢١). بەگشتی قوتابخانەکان وابەستەی مزگەوتەکان بون و مامۆستایانیش پیاوانی ئایینی بون(ماساهارو:١٣٧٣، ص ٢٠٨). هەر قوتابیەکیش کە توانایی خوێندن و نوسینی هەبوایە، لە ئێران پیاندەگوت میرزا و بەناوی مامۆستا ناویاندەهێنا(فوروکاوا: ١٣٨٤،ص ١٠٣). هەروەها لەو سەردەمە، قوتابخانەکان چەن جۆرێک بون، لەوانە قوتابخانەی ژنانە هەبوە کە ئاخوند باجیان پێدەوت، واتە سەرپەرشتی قوتابخانەکە کەسێک بوە بە ناوی باجی خانم، پەروەردە و فێرکردن لەو قوتابخانەیە، پەروەردەیەکی ئایینی و قورئان خوێندن بوە، فێرکردنی تایبەتیش هەبوە، واتە قوتابخانەی تایبەت. کە تایبەت بو بە منداڵانی چینی باڵا لە ماڵەوە فێردەکران، واتە کوڕانە بوە، بەڵام هەندێ جار کچانیش ڕۆخسەتیان پێدەدرا لەو قوتابخانەیە بخوێنن، ئەوەی دیکەش بریتی بو لە قوتابخانەی گشتی کە لە زۆربەی شارەکان و لە هەندێ لە گوندەکان هەبوە.(فرهمند، ١٣٩٥، ص ٩٩-١٠٠).

بە گشتی لایەنی پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی قاجاردا فراوان نەبوە، بەڵام لایەنێکی تایبەت هەبو کە بارودۆخی خوێندن و فێرکردنی پێوەدیار بوە، ئەویش دامەزراوەی کولێژی دارولفنون(واتسن: ١٣٥٦، ص ٢١)، بو لە تاران، کە لەلایەن ئەمیر کەبیری سەرۆک وەزیرانی ناسرەدین شا، لە ١٨٥٠ز، کرایەوە، کە لە نمونەی چاکسازییەکانی ئەمیر کەبیر و بنیاتنانی لایەنی پەروەردە و فێرکردنی نوێ بوە، کە لە ئاستی باڵای زانکۆیی و هاندان و فراوانکردنی بواری ڕۆشنبیریدا بو(مولانا: ١٣٥٨، ص ٧٢). کە خودی سەرۆک وەزیران خوازیاری فێرکردنی یاسا و ڕێکخستن و دادپەروەری و بەرەوپێشەوبردنی زانست و ڕۆشنبیری بو (کریمیان: ٢٥٣٥، ص ٢١٥). هەروەها دارولفنون بۆ فێرکردن

و ئامادەکردنی کەسانێک بو بۆ بەڕێوەبردن و ئاشنابون بە فەرهەنگ و هونەری ڕۆژئاوای بنیاتنرا(.2012, P183 :Rashidvashd). واتە هەڵقوڵاوی ئاشنایەتی ئێرانییەکان بو لەگەڵ ڕۆژئاوا و فێربونی زانستی نوێ، کە تاڕادەیەک هۆکاربو بۆ وەستاندنی خوێندنگەی ئایینی، هەرچەندە بەو مانایە نا، کە کۆتایی بەو قوتابخانە ئایینیانە هاتبی، بەڵکو بەپێچەوانەوە خوێندنگەی ئایینی زیاتر پەرەیان سەند(سیدزاده مطلق:۱۳۹۰، ص ۱۸۸).

ئەو زانستانەی بۆ یەکەم جار وەک وانە تێیدا خوێندران بریتیبون لە ڕاهێنانی سەربازی و مەشقی پیادە نیزامی تۆپخانە، ئەندازیاری، پزیشکی و نەشتەرگەری، زانستی دەرمانسازی و زانستی کانزای(راوندی: ۱۳۸۳، ص۱۳). ئەم کولێژە لەلایەن کەسانی شارەزا بەڕێوەدەبردرا، لەوانە مامۆستایانی ئەوروپی کە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لێدەخوێندرا، لەگەڵ بەشەکانی تر. دواتر ئەم کولێژە کۆمەڵێک بەهرەمەندی نارده ئەوروپا بۆ فێربونی بەشی پزیشکی.( واتسن: ۱۳۵٦، ص ۲۱). کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە لە چوارچێوەی چاکسازییەکانیدا ناردنیە دەرەوە، کە بریتیبون لە ٤۲ کەس لە کەسە دیار و بەهرەمەندەکانی کولێژی دارولفنون، کە ڕەوانەی وڵاتی فەرەنسا کران. کە ئەمە چوارەم کۆمەڵەی ناردنی خوێندکاران بون بە درێژایی دەسەڵاتی قاجار، واتە کۆمەڵەی چوارەم لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ناسریدا ڕەوانەکران و دواتریش بەردەوام بوە(مرادی نژاد، پژوم شریعتی: ۱۳۵۳، ص ۹۷).

ساڵانی دواتریش بە یارمەتی مامۆستایانی فەرەنسی لە تاران خوێندنگەیەک لە سەر شێوازی ئەوروپی دامەزراوەی پەروەردەیی بنیاتنرا، کە وەک دارولفنون وابو، هەروەها چەند خوێندنگەیەکی تر وەک (خوێندنگەی زانستی و زانستی سیاسی و کشتوکاڵی) و هەروەها چەند قوتابخانەیەکی تر لە ئەسەفەهان و تەورێز دروستکران (گروته: ۱۳٦۹، ص ۱۲۸-۱۲۹). بەگشتی لە سەردەمی ناسرەدین شادا، کۆمەڵێک خوێندنگە کرانەوە، لەوانە: خوێندنگەی ئاسیفیە لە ناو بازار، ئاقا ڕەزاخان لە عودی لاجان، فەرەخ خان ئەمین دەولە لە ناوچەی چاڵی مەیدان و حاج ئەبوفەتح لە شەقامی ری و دەیان خوێندنگەی دیکە(بۆ زانیاری زیاتری ناوی خوێندنگەکان بڕوانە: بیگی: ۱۳۷۷، ص ۱۹٤).

ئامانج لە دروستکردن و کردنەوەی ئەو خوێندنگەیانە لەلایەن دەوڵەتەوە، کە فێرخوازان بەکاربێنن لە کاروباری سەربازی و دەوڵەتداریدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی بیانی و موژدەدەرە مەسیحییەکان ڕۆڵیان هەبوە لە بەرپاکردنی خوێندنگەی نوێ لە سەردەمی قاجاردا (محمدی: ۱۳۹٦، ص ۱۸۹). واتە بە هۆی پێداگری موژدەدەرە ئایینییەکان بو، کە زەمینەی لەبار ڕەخسا بۆ ئەوەی کچانیش بەشداری خوێندن بکەن، بۆیە لە سەردەمی ناسرەدیندا چالاکی موژدەدەرەکان زیادیکرد، ڕێگەدرا کچانی موسڵمان بینە خوێندنگەی بیانی و هەروەها بە هۆی پشتیوانی دەوڵەت خوێندنگەی نوێ کچانە بنیاتنرا (فرهمند: ۱۳۹۵، ص ۹۷).

واتە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی هەستانەوە و بەخەبەر هۆشیاربونەوەی ئێرانییەکان بەسەر پەروەردە و فێرکردنەوە کە کاریگەری هەبوە، دامەزراندنی خوێندنگەبو لەلایەن بیانیەکانەوە، کە بەگشتی خوێندنگەی بیانی کە لە ئێران بنیاتنران، لە ڕێگەی دو گروپەوە دامەزران، یەکێکیان ئەو خوێندنگەیانەبون کە ڕاستەوخۆ لەلایەن موژدەدرە مەسیحییەکان لە ئێران دامەزراون و دوەمیان ئەوانە بون، کە لە ڕێ کەسانی سەرمایەدارەوە بنیاتنران(سرمد: ۱۳۷۲،

ص ٧٧-٧٨). واتە پەیدابون و فراوانبونی خوێندنگەی نوێ، دەرئەنجامی دو هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بو، لەوانە پێداویستی ناوخۆیی، هەروەها گۆڕانکارییە سەرنج ڕاکیشەکانی سەدەی نۆزدە، لە ئەوروپا لە بواری جیاجیای زانستی و هونەری (کریمیان سردشتی: ٢٠١١، ل ٣٧١).

جگەلەمەش لە ناوخۆشدا کەسانێک هەبون بە پەروش بون بۆ بواری خوێندن، هاوشانی ئەمیرکەبیری سەرۆک وەزیران، زەلەل سولتانی کوڕی شای ولات، کاتێک بەرپرسی هەرێمی ئەسفەهان بو، بەپێی بەڵگەنامەیەکی ساڵی(١٢٩٨ق/١٨٨٠ز)، پێشنیارێک دەخاتە بەردەم شا، دەڵێت: "کە خوێندنگەیەک لێرە بکرێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە خوێندکارانی ئەرمەنی لە ناوچەی جەلفای ئەسفەهان، پێنج بۆ شەش خوێندنگەیان بۆکراوەتەوە! بەڵام لە ئەسفەهان خوێندنگەی لێنییە! بۆیە داوادەکات لێرەش بکرێتەوە و تەواوی پێداویستەکانیشی لە مامۆستا و کەرەستەکانی تر بۆ دابین بکرێت" (بۆ زانیاری زیاتری بەڵگەنامەکە بڕوانە: صفائی:١٣٤٩، ص٩٨).

بە گشتی دەسەلاتدارانی قاجاری، هەر لە ئاغا محەمەد خانەوە بگرە تا ئەحمەد شای قاجار، شتێک کە زۆر گرنگیان پێنەدەدا بەرەوپێشچونی لایەنی ڕۆشنبیری و زانیاری گشتی بو، بەتایبەت ناسرەدین شا، بە هۆی ئەو بەڵگانەی لە بەردەستە ترسی هەبو لە بەخەبەرهاتنەوەی خەڵکی و لە ماوەی تەمەنی ٥٠ ساڵەی دەسەڵاتی بە دورخستنەوەی ئەمیرکەبیران و سوپاسالارەکان کە ڕوڵیان هەبو لە بەرەوپێشەوە بردنی بواری زانستی و پەروەردەیی، لە هەوڵ دابو کۆمەڵگەی ئێران بەرەو تاریکی بەرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەسەردەمی قاجاردا وەک سەردەمانی پێشتر، جگەلە هەندێ مەکتەب و شوێنی وانەوتنەوە، شوێنێک بۆ پەروەردە و فێرکردنی فێرخوازان بونی نەبو کە جێگەی وانە وتنەوە بن، جگە لەو نمونانەی کە باسکران(راوندی: ، ص ١٣١-١٣٢).

## ئەنجام:

بەگشتی لایەنی تەندروستی و پەروەردەیی بەو شێوەیەی کە وەکو پێویستە دەبوایە ئاوڕێکی باشی لێدرابایەوە نەبوە، کەمتەرخەمی دەسەڵاتدران بەڕونی دیارە لە خزمەتکردن بەو دو لایەنە گرنگەی ژیان، ئەوەشی کراوە لە ژێرچاودێری و بەدەمەوە هاتنی لایەنی بیانی و کەسانی خەمخۆری ناوەوەی وڵات بوە.

بەنسبەت لایەنی تەندروستی هۆکارەکانی بەردەم ئەو بوارە گەلێک زۆربون لەوانە، ژینگەیەکی پیس و نەزانینی خەڵکی و ئاشنانەبونیان بە کەرتی تەندروستی. هەروەها بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکانی تاعون و کولێرا، کە خەسارەتێکی گەورەیدا و گەلێکی ڕاپێچی مردن کردن، کە ئەوەی شایەنی باسکردنە لە سەرەتاوە ئەوەیە ئەویش کەمتەرخەمی و گوێ نەدانی دەسەڵاتدارن بوە بەو بوارە و چارەسەری خێرای و هەرچی باشترکردنی خزمەتکردنی بواری کەرتی تەندروستییە، ئەگەر هاتباو لایەنی خەمخور بەو بوارە نەبوایە، چ لە ئاستی ناوخۆ و بەتایبەتی ڕۆڵ و چالاکی پزیشکانی بیانی و ڕێکخراوە تەندروستییەکان نەبوانە ئەوا ڕەوشی کۆمەڵگەی قاجاری بەرەو هەڵدێران و ماڵویرانی زیاتر دەڕویشت.

هەرچی سەبارەت بە بواری پەروەردەیشە، دەبینین کە لە ڕوی پەروەردە و فێرکردنەوە، ئاکارێکی باشی مرۆڤ دۆستی لە ناو ئێرانییەکاندا هەیە، کە منداڵەکانیان هەر لە تەمەنی بچوکەوە پەروەردەیەکی باشیان دەکەن و بەردەوامبون لە سەر دابونەریتی کۆمەڵگە و ئاکاری باب و باپیرانیان و لایەنی ئایینی، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی پەروەردەیی ئەوان بوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دوخی پەروەردە و فێرکردن کە لە ئاستێکی سەرەتایدا بوە و حوجرە و مزگەوتەکان شوێنی فێرکردن بونە، تا لەدوایدا ئاوڕێک دراوەتەوە لەم بوارەدا بە هیمەتی موژدەدەر بیانییەکان و کەسانی دڵسوز لە ناوەوەدا، بۆ باشترکردنی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی.

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Education System Health Condition in the Time of Naser al-Din Shah Qajar(1848-1896)

**Shwana Rasul Abdullah**
Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shwana.rasul@uor.edu.krd

**Qadir Mohammed Mohammed**
Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Qadir.muhammed@uor.edu.krd

## Abstract:

This research paper is to portray education system and health condition during Qajar dynasty specifically in the time of Naser al-Din Shah Qajar who ruled from 1848-1896. Regarding to health condition the situation was bad; shortage of medical services, disobeying health instructions, and spread of plague and cholera caused a large number of people to catch serious diseases who eventually died. It is worth to say that if there hadn’t been Western health staff and foreign medical aids, the public health of Qajar society would have been even worse. Referring to education and teaching field during the era of Qajar dynasty was that Iranian society depended on family disciplines to raise and educate their children. Having strong religious beliefs among people was the reason to force their children to enroll at schools of the mosques so that they could receive religious education.

It can be said that with the help of some foreign agents and sincere local educators the condition of education system improved after they had introduced Western education methods and provided learning means.

**Keywords:** Qajar Dynasty, Health, Education and Teaching.

## سەرچاوەکان:


صفائی، ابراهیم: اسناد نو یافته، انتشارات بابک، تهران، ۱۳٤۹.

بیشوپ، ایزابلا برد: از بیستون تا زردکوه بختیاری، ت: مهراب امیری، چ۱، نشر سهند، تهران، ۱۳۷۵.

پولاک، یاکوب ادوارد: سفرنامه پولاک، ایران و ایرانیان، ت: کیکاوس جهانداری،چ۱،انتشارات خوارزمی، تهران، ۱۳٦٦.

تانکوانی، ژی. ام: سفرنامه ژی.ام. تانکوانی (نامه‌های درباره ایران و ترکیه آسیا)، ت: علی اصغر سعیدی، چ۱، انتشارات چشمه، تهران، ۱۳۸۳.

رایس، کلارا کولیور: سفرنانه کلارا کولیور رایس، زنان ایرانی و راه و رسم زندگی آنان، ت: اسد الله آزاد، چ۱، نشر کتابدار، تهران، ۱۳۸۳.

ژوبر،پ، آ: مسافرت به ارمنستان و ایران، ت: محمود هدایت، چاپخانه تابان، بی جا، ۱۳۲۲.

فوروکاوا، نوبو یوشی: سفرنامه فوروکاوا، ت: هاشم رجب زاده، انجمن آثار و مفاخر فرهنگی، تهران، ۱۳۸٤.

فوریه، ژوانس: سه سال در دربار ایران (خاطرات دکتر فوریه پزشک ویژه ناصرالدین شاه قاجار)، ت: عباس اقبال آشتیانی، چ۲، ناشر دنیای کتاب، تهران، ۱۳۹۰.

کرزن، جرج.ن: ایران و قضیه ایران،ت: غلامعلی وحید مازندرانی، ج۱،انتشارت علمی و فرهنگی،تهران، ۱۳٤۷.

گروته، هوگو: سفرنامه گروته، ت: مجید جلیلوند، چ۱، نشر مرکز، تهران، ۱۳٦۹.

ماساهارو، یوشیدا: سفرنامه یوشیدا ماساهارو(نحستین فرستاده ژاپن به ایران دوره قاجار۹۸-۱۲۹۷ هجری قمری/ ۸۱- ۱۸۸۰میلادی)، ت: هاشم رجب زاده، چ۱، انتشارات آستان قدس رضوی، تهران، ۱۳۷۳.

واتسن، رابرت گرنت: تاریخ ایران دوره قاجاریه‌کان، ت: وحید مازندرانی، چ٤، انتشارات امیرکبیر، تهران، ۱۳٥٦.

ویلز: ایران در یک قرن پیش (سفرنامه‌ی دکتر ویلز)، ت: غلامحسین قراگوزلو، چ۱، نشر اقبال، تهران، ۱۳٦۸.

ویلسن، چارلز جیمز: تاریخ اجتماعی ایران در عهد قاجاریه، ت: سید عبدالله، چ۱،انتشارات زرین، تهران، ۱۳٦۳.

اشرافی، فیروز: اصفهان از دید سیاحان خارجی، چ۱، نشر آتروپات، اصفهان، ۱۳۷۸.

انصاف پور، غلامرضا: ایران و ایرانی به تحقیق در صد سفر نامه‌ی خارجی، چ۱، کتابفروشی زوار، تهران، ۱۳٦۳.

برجسته، سحر، و همکاران: سلامت، بهداشت و زیبایی در عصر قاجار، ت: مسعود کثیری، چ۱، موسسه انتشارات امیرکبیر، تهران، ۱۳۹۳.

بیگی، حسن: تهران قدیم، چ٤، نشر منصوری، تهران، ۱۳۷۷.

تفضلی، ابوالقاسم: معتضد، خسرو: از فروغ السلطنه انیس الدوله، چ۱،انتشارات گلدیز، تهران، ۱۳۷۷.

تقی نصر، سید: ایران در برخورد با استعمارگران از آغاز قاجاریه تا مشروطیت، چ۱،شرکت مؤلفان و مترجمان ایران، تهران، ۱۳٦۳.

حجازی، بنفشه: تاریخ بررسی جایگاه زن ایرانی در عصر قاجار، چ۱، نشر قصیده سرا، تهران، ۱۳۸۸.

راوندی، مرتضی: سر فرهنگ و تاریخ تعلیم و تربیت در ایران و اروپا، چ٤، انتشارات نگاه، تهران، ۱۳۸۳.

رایت، دنیس: انگلیسیان در ایران در روزگار پادشاهان قاجار، ت: غلام حسین صدری افشار، انتشارات دنیا، تهران،۱۳٥۷.

سرمد، غلامعلی: اعزام محصل به خارج از کشور در دوره قاجار، چ۱، نشر بنیاد، تهران، ۱۳۷۲.

شمیم ،علی اصغر: ایران در دوره سلطنت قاجار، چ۱۱،انتشارات بهزاد، تهران، ۱۳۸٤.

عیسوی، چارلز: تاریخ اقتصادی ایران (عصر قاجار، ۱۳۳۲- ۱۲۱٥ هـ . ق)، ت: یعقوب آژند، چ۱، نشر گستن، تهران، ۱۳٦۲.

فلور، ویلم: بیمارستانهای ایران در زمان صفویه و قاجار، ت: ایرج نبی پور، چ۱، انتشارات دانشگاه علوم پزشکی و خدمات بهداشتی درمانی بوشهر، بوشهر، ۱۳۹۳.

فلور، ویلم: سلامت مردم در ایران قاجار، ت: ایرج نبی پور، چ۱، انتشارات دانشگاه علوم پزشکی و خدمات بهداشتی درمانی بوشهر، بوشهر، ۱۳۸۷.

کاظمی، خدیجه: آرایش و پوشش زنان از عهد مغول تا پایان دوره قاجار، چ۱، انتشارات اندیشه زرین، تهران، ۱۳۸۸.

کریمیان، حسین: تهران در گذشته و حال، انتشارات دانشگاه ملی ایران، بی جا، ۲۵۳۵ شاهنشاهی.

مولانا، حمید: سیر ارتباطات اجتماعی در ایران، انتشارات دانشکده علوم و ارتباطات اجتماعی، تهران، ۱۳۵۸.

میرزا قاجار، محمود: ضیاء المحمود (نخستین رساله وبا و طاعون در عهد قاجار)، بەکوشش شهرام کیانی، چ۱، انتشارات ایران آکادمیا، هلند، ۲۰۲۰.

نبی پور، ایرج: طب سینایی در گذار به مدرنیته در ایران قاجار، چ۱، انتشارات دانشگاه علوم پزشکی و خدمات بهداشتی درمانی بوشهر، بوشهر، ۱۳۹۱.

کریمیان سردشتی، نادر: تاریخ مدارس جدید در(دوره قاجار) در کردستان، گۆڤاری ژین، ژمارە(۳)، ساڵی سێیەم، سلێمانی، ۲۰۱۱.

عومەر، نەوزاد ئەنوەر، پڕاگماتیک و پەروەردە_ فێرکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی دووەم، ژ(٤)، ڕاپەڕین، ۲۰۱۵.

سیدزاده مطلق: شهره، مهم ترین مدارس موقوفه تهران از دوره ناصرالدین شا تا پایان دوره قاجار، پیام بهارستان، د۲، س٤، ش(۱۳)، پاییز ۱۳۹۰.

فرهمند، نسیم: آموزش و نهادهای آموزشی دختران در دروه قاجار، فصلنامه پارسه، سال١٦، شماره(٢٦)، بهار و تابستان ۱۳۹۵.

قیومی بیدهندی، مهرداد: موسوی، سیدەبشری: معماری دارالفنون ودگرگونی های آن در دوره قاجاریان، شماره (۲۰)، دو فصلنامه دانشگاه هنر،تابستان، ۱۳۹۷.

محمدی، محمود: گفتمان تربیت جدید و تولد مدرسه در ایران دوره قاجار، جامعه شناسی تاریخی، دوره ۹، شماره(۲)، پاسسز و زمستان ۱۳۹٦.

مرادی نژاد، حسین: پژوم شریعتی، پرویز: پژوهشی درباره فرستادن دانشو به خارج در دوره قاجار و پهلوی، نامه علوم اجتماعی، ش(٤)، ۱۳۵۳.

وافری، راحله: تاریخچه تحول سنتی به طب نوین در دوره قاجار، فصلنامه علمی- پژوهشی علوم انسانی دانشگاه الزهرا(س)، سال شانزدهم، شماره(٦۰)، پاییز ۱۳۸۵.

Golshani, Seyyed Alireza: History of Medicine in Iran, vol21, Issue 10,October 2018.

Rashidvash, Vahid: The Qajar Dynasty in Iran, International Journal of Business and Social Science, V.3, No.12(Special Issue-June 2012.